# خوای ور ل ئومتم خش بوو ل شت ل دروون خاندا دنو؛ ئر ردوی نن ان نن

له ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خوای گەورە لە ئومەتەکەم خۆش بووە لە شتێک کە لە دەروونی خۆیاندا دەیلێنەوە؛ ئەگەر کردەوەی پێنەکەن یان نەیلێن».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە مسوڵمان لێپرسینەوەی لێناکرێت بەهۆی قسەی نێو دەروونی ئەگەر بە زمانی دەری نەبڕێت وکردەوەی پێنەکات، خوای گەورە ئەم ناڕەحەتیەی لەسەرمان لاداوە ولێمان خۆشبووە لەسەر ئەم قسانە، ولێپرسینەوە ناکات لە ئومەتی موحەمەد -صلى الله عليه وسلم- بەهۆی ئەو قسانەی دێت بە مێشك ودەروونیاندا بەبێ ئەوەی مەیلیان بۆی هەبێت وجێگیر بێت لەلایان؛ بەڵام ئەگەر جێگیر بوون لە دڵدا وەکو خۆبەگەورەزانین وشانازی وفیز زلی ودووڕوویی یان بە ئەندامەکانی کردەوە بەم قسانە بکات یان دەریان ببڕێت ؛ ئەوا لێپرسینەوەی لێدەکرێت سەبارەتیان.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58144